# بەرامبەر سزادانی کورەکەی، سەرۆک مستەفا بارزانی، مامۆستا عومەر شەمەیی خەڵات کردبوو!

مامۆستا عومەر شەمەیی، لەناو پۆلی خوێندنگەیەکی شۆڕشدا بە زللەیەک سزای کوڕێکی سەرۆک  بارزانیی دابوو.!

ڕەوانشاد، عومەر شەمەیی کە ساڵی 1973 خوێندنی زانکۆی لەسلێمانی تەواوکرد، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی چووە ناو شۆڕشەوە و لە گەلاڵە بوو بەمامۆستای شۆڕش. ئەوە نەریتێکی هاوبیرانی (کاژیک)* بوو، زۆربەی کاژیکەکان نەدەچوونە خزمەتی سەربازی و پڕوایان بەوە نەبوو کە لەسوپای داگیرکەرانی کوردستاندا خزمەتی سەربازی بکەن .

عومەر شەمەیی ئەو کاتەی کە لەگەلاڵە مامۆستای شۆڕش بوو، بە مامۆستا عومەر شەمەیی ناسراو بوو. یەکێ لە خوێندکارەکانی، نیهاد بارزانی، کوڕی سەرۆک بارزانیی نەمر بوو. ڕۆژێک لەسەر ئامادەنەکردن و فەرامۆشکردنی وانەکانی، لەکاتی تووڕەبووندا، لە پۆلەکەدا و لەبەرچاوی هەموو خوێندکارەکانی دیکەدا، زللەیەکی توند و گەرموگوڕ لە نیهادی خوێندکاری دەسرەوێنێت و نیهاد بەدڵی شکاو و گریانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. پاشان سەرۆک بارزانی لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکەن و داوا دەکات کە ئەو مامۆستایەی بۆ بانگ بکەن با خۆی بیبینێت و لە ڕاستیی ڕووداوەکە ئاگادار بێت. کاکە عومەرم بۆی گێرامەوە، وتی "پاشان هەستمکرد و تێگەیشتم کە ئەو تورەبوون و زللەیە زۆر لەسەرم دەکەوێت و ڕەنگە ببێتە هۆکاری لەناوچوون یان زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانم". هەرچۆن بێت، سەرۆک بارزانی بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە، مامۆستا عومەر بانگهێشی لای خۆیان دەکات و لە کۆبوونەوە و دانیشتنێکی تایبەتیدا کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە ئامادەکرابوو، مامۆستا عومەر ڕاستیی ڕووداوەکە و هۆکاری تورەبوونەکەی بۆ بارزانی دەگێڕێتەوە و بە بارزانی دەڵێت "ئەزبەنی: من لە نێو پۆلدا، جیاوازیی کوڕی ئێوە و کوڕی سەرۆککۆمار و منداڵی هیچ هاونیشتمانییەکی ئاسایی ناکەم ". سەرۆک بارزانی کە گوێی لە وتەکانی عومەر شەمەیی دەبێت، بە ئازایەتی و ڕاشکاوییەکەی سەرسام دەبێت. کاکە عومەرم خۆی دەیگێڕایەوە، دەیگوت "پێشتر چەند جارێک دوور بەدوور بارزانیی نەمرم بینی بوو، سەرۆک بارزانی زۆر بەشانوشکۆ بوو و ترس و سامێکی زۆر سەیری هەبوو. بەڵام ئەوەیە کەمجار بوو ڕووبەڕوو سەرۆک بارزانی ببینم و بۆ نەگبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێکی لەو بابەتەش!" وتی " پاشان خۆم زۆرم پێناخۆش بوو و زۆر لەو زللەیە پەشیمان بوومەوە، نەک لەبەر ئەوەی کە نیهاد، کوڕی سەرۆک بارزانی بوو، بەڵکو بەهۆی تووڕەبییەوە ئەو کارە ناخۆش و نەشیاوەم بەرامبەر ئەو خوێندکارەی خۆم کردبوو!". دەیگوت، "نایشارمەوە، زۆر ترسام و خەمم بوو، لەبەر دوو شت: یەکەم، ئەوە بوو کە هەموو دەیانزانی من بەنهێنی ئەندام و کادرێکی ڕێکخراوی نەتەتەوەیی و نهێنیی (کاژیک)م و دەزگای پاراستنیش بەردەوام چاولەدووی کاژیکەکان بوو و کاژیکیش وەک ڕێکخستنێکی نهێنیی ناو شۆڕش، لەناو شۆڕشی کوردستاند یاساخ و نەخوازراو بوو!. دووهەم، ئەوە یەکەم جار بوو کەسێک بەو ئاشکراییە و لەناو خوێندنگەی شۆڕش و لە گەلاڵەدا، زللەیەک لەکوڕێکی سەرۆکێکی بەدەسەڵات و بەناوبانگی شۆڕشی کوردستان بدات. ئەم دوو هۆکارە بەس بوون بۆ ئەوەی چارەنووسێکی نادیار چاوەڕووانم بکات. ئەگەر بارزانی سەرۆکێکی نادادپەروەر بووایە، هەر ئەو کاتە دەیتوانی لە تۆڵەی ئەو ڕووداوەدا، هەموو جۆرە سزایەکی بدامایە و کەسیش نەیدەتوانی پێشیان پێبگرێت". شایانی باسە، سەرۆک بەرزانیی نەمر، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرۆکێکی بەدەسەڵات و بەسام بوو، بەڵام مرۆڤێکی بەخشندە و لێبووردە بوو، هەموو ئەو کەسانەی کە نێزیکی بارزانی بوون و سەروکاریان لەگەڵیاندا هەبووە، گەواهی بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی بارزانی دەدەن. بەڵام خۆشبەختانە پاش ئەوەی کە سەرۆک بارزانی لەڕاستیی ڕووداوەکە تێگەیشتبوون، ئەو بڕیارە دادپەروەرانەیەی دابوو و خۆیشیان سزای نیهادی کوڕیان دابوو. هەروەها بەپێچەوانەی پێشهاتی چاوەڕوانکراوەوە، سەرۆک بارزنی لەپاداشتی ئەو تووڕەبوون و

زللەیەدا، سەرباری سوپاس و دەستخۆشانە، ئوتۆمبیلێکی جێبی خەڵاتی مامۆستا عومەر شەمەیی کردبوو، ئەویش جێبەکەی پێشکەشی هێزی خەبات کردبوو. هێزی خەبات، ئەو هێزە ئازا و شۆڕشگێر و ناسراوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو کە فەرماندەکەی شۆڕشگێڕی گیانبەخشیووی کوردایەتی، کاک فەتاح محەمەد ئەمین بوو. هێزی خەبات بە هێزی کاژیک و نەتەوەییەکانی نێو شۆڕشی کوردستان ناسراو بوو .

بەختیاری شەمەیی
18.12.2013
ئەمستەردام
bakhtiarshamaiy@aol.nl

تێبینی: وەکو ئەزموون کردنی دێمۆکراسێتی، ئەم نووسراوەم ناردن بۆ میدیا و ڕاگەیاندنەکانی (پارتی دێمۆکراتی کوردستان)، چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندیدارە بەوانەوە، ئەمە یەکەمجارە کە نووسراوێک بۆ ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات و پارتی بنێرم، بەڵام لە وەڵامێکی دەماو دەمەوە ئاگاداریان کردمەوە، مادام ڕێگەیان پێنەدراوە کە دەستکاریی ئەم نووسراوە بکەن. ئەوان ناتوانن و نایانەوێت بڵاوی بکەنەوە .

خۆشبەختانە ئێستا بەهۆی پێشکەوتن و زۆری و ئاسانیی ئامڕازەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندنەوە، ئاسانترین کار، بڵاوکردنەوەی پەیام و نووسراوە لە تۆرە جیهانییەکاندا و گەیاندنیەتی بە زۆرترین خوێنەر.
*وشەی (کاژیک)، کورتکراوەی ناوی یەکەم پیتەکانی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد)ە. ڕێکخستنێکی نەتەوەیی و نهێنیی ئەو سەردەمە بوو، کە لە ١٤.٠٤.١٩٥٩دا لە لایەن چەند مامۆستا و دادوەر و نووسەر و ڕۆشنبیرێکەوە لە شاری سلێمانی پێکهێنرابوو. دروشم و ئامانجی کاژیک، ئازادی و یەکسانیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان بوو .

**کورتەیەک لەژیانی ڕەوانشاد عومەر شەمەیی**

عومەر محەمەد ساڵح - عومەر شەمەیی لە بەهاری 1948 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی 1973 بەشی کیمیای کۆلیژی زانستەکانی زانکۆی سلێمانیی تەواوکردووە. لەکۆتایی شەستەکاندا بووەتە ئەندامی کاژیک و یەکێک بووە لە کادرە هەرە پێشکەوتووەکانی و بەناوی (ئەزمەڕ)ەوە ناسراو بووە. سەرەتای هەفتاکان بووەتە سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی. لە دامەزراندنی پاسۆکدا پرسی پێکراوە بەڵام بەشداریی نەکردووە. لەشۆڕشی ئەیلوولدا بەشداری کردووە و لەهێزی خەباتدا بووە. پاشان لە گەڵاڵە بووەتە مامۆستای شۆڕش. ساڵی 1974 لە ڕۆژهەڵات لەلایەن دەزگای ساواکەوە بەتاوانی ئەندامێتیی کاژیک لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوە و پاشان ئازاد کراوە. بەشداریی کۆنفرانسی خۆتواندنەوەی کاژیکی کردووە لە شاری نەغەدە لەساڵی 1975. ماوەیەکی زۆر فەرمانبەر بووە لە کارگەی جگەرەی سلێمانی. پاشان لە هەمان کارگە بووەتە بەڕێوەبەری بەشی پاککردنەوەی توتن .

ڕۆژی 14-09-2008 بەنەخۆشیی شێرپەنجەی جگەر لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لەگردی ناوەڕاستی شاری سلێمانی نێژراوە .

لەماڵپەڕی کوردیپێدیاوە.